# داوا دەکرێت لە ساڵی نوێدا حکومەت کاری بەرفراوانتر بۆ بەدیهێنانی خواستی لاوان بکات

منداڵان لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە نەوەی دوارۆژ هەژمار دەکرێن و لە دوای ئەوەش کە بە تەمەنی یاسایی (١٨ساڵان) دەگەن، دەبنە خاوەن جیهانبینیی خۆیان و ئەرکی زیاتریان بەرامبەر داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان دەکەوێتە سەرشان، بەدرێژایی مێژووش، لاوانی کورد رۆڵی گەورەو گرنگیان بینیوە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و داینەمۆی گۆڕانکارییەکان بوون، لە ئێستاشدا بە چاوی ئومێدەوە لە کارنامەی حکومەتی هەرێم دەڕوانن و خوازیارن ساڵی نوێی زایینی ببێتە هەوێنی بەدیهێنانی خەونەکانیان و لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن و وەبەرهێناندا حیسابی زیاتریان لەسەر بکرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گولان را و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.

گولان: کۆمەڵایەتی



هێمن حالی شێرۆکی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە کارگێریی کار و رایوایە: «پێویستە هەموو کات و ساتێك پاڵپشتیی بیری نوێی گەنجان بکرێت و هیوا و ئاواتەکانیان بە هەند وەربگیرێن.» هاوکات دەڵێت: «گەنج کاریگەرترین توێژی کۆمەڵگەیە و داینەمۆی نوێبوونەوەیە وهیواخوازم ساڵی نوێی زایینی دەستپێکی هەنگاوی کاریگەر بێت، بە مەبەستی بەرەوپێشبردن و بایەخدانی زیاتر بە توێژی گەنجان،هیواداریشم کوردستان لە ساڵی نوێدا زیاتر بەرەو سەقامگیریی سیاسی و ئابووری بچێت و حکومەت کاری بەرفراوانتر بۆ بەدیهێنانی ئومێد و خولیای گەنجان و نەوەی داهاتووی کوردستان بکات. زۆریش پێویستە ئەوەی لەتوانادابێت بۆ گەنجان لە ساڵی نوێدا بخرێتە واری جێبەجێکردن و سوود لە کارامەیی بیری نوێ وەربگیرێ.»

پاوان کۆیی توێژەری دەروونییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هەموو مرۆڤیك بەپێی بارودۆخ و ژیان وگوزەرانی، هیواو ئامانج و خواستی خۆی هەیە،حەز و خولیای بەدیهێنانی هیواو ئامانجیش زیاتر رووی لەگەنجەکانمانە، چونکە گەنجان هەم بەردی بناغەی کۆمەڵگەن، هەم هێزی کارامەی داهاتووی وڵاتن،کارەساتیش ئەو کاتەیە کە گەنج خەون و هیوای بۆ داهاتووی خۆی و وڵاتەکەی نەبێت.» هاوکات دەڵێت: «ئەگەر سەیری دۆخی گەنجی وڵاتی خۆمان بکەین،دەبینین رێژەی بێکاریی گەنجان زۆرە و زۆربەیان ئاواتەخوازن هەلی کاریان بۆ بڕەخسێت، گەنجانی بێکار هەموو ساڵێك بە چاوی هیواوە لە سەری ساڵ دەڕوانن، بۆ ئەوەی لانیکەم لە ساڵی نوێدا کاریان دەست بکەوێت و لەو رێگەیەوە خزمەت بە خۆیان و خێزان و وڵاتیان بکەن.»

رۆژنامەنووس محەمەد ئامۆکەیی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بنچینەی پێشکەوتنی هەرکۆمەڵگەیەك لە گەنجەوە دەست پێدەکات، سرووشتی مرۆڤیش وایە بەبەردوامی خەون و ئاواتی زۆری هەیەو دەیەوێت پێیان بگات، بەڵام ئەوەی دەبیندرێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە، ئەوەیە کە گەنجان تا رادەیەکی زۆر بێ هیوابوون لەخەونەکانیان، دیارە ئەمەش هۆکارگەلێکی هەیە، لەوانە: سەپۆرتنەکردنی گەنج کە پڕۆژەو بیرۆکەی باشی پێیەو دەیەوێت ئەسپی خۆی لە گۆڕەپانەکەدا تاو بدات، بەڵام کاریگەریی ئەو سەپۆرتنەکردنە زیاتر گەنجی خاوەن فیکرە بێ تاقەت دەکات و بگرە بۆ دواوەشی دەگەڕێنێتەوە، بۆیە دەبێت کار لەسەر گەڕانەوی ئومێد بۆ گەنج بکرێت، بۆ ئەوەی ئینتیمایان بۆخاك و نیشتمان لاواز نەبێت.» گوتیشی: «وەك خۆم ئاواتەخوازم ساڵی نوێ ساڵی نەمانی کێشەو گرفت و قەیران بێت و لەسەرووی هەموشیان ساڵی بوونی کورد بە خاوەن دەوڵەت بێت،ئەوکاتیش دەتوانین هەموو ئەو خەون و ئاواتانەی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە هەن،ئاسانتر بێنینەدی.»

دوریا شێروانی مامۆستای باخچەی ساوایانە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەر تاکێك بە ئومێدی داهاتوویەکی باشتر ساڵەکانی ژیانی بەڕێدەکات، بە ئومێدی زۆریشەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکات، سەبارەت بە خواستی لاوانیش گوتی: «من رەنگە نەتوانم هەموو داواکارییەکانی گەنج و ئارەزووەکانیان بخەمەڕوو، بەڵام دەتوانم بڵێم ژمارەیەك گەنج بەوپەڕی نائومێدی و رەشبینیەوە لە داهاتوویان دەڕوانن، چونکە پێیان وایە بۆ ئەوان هیچ گۆڕانێك لەئارادا نییە و ژمارەیەکیشیان بەوپەڕی ئومێدەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن و بەئومێدی دەستکەوت و سەرکەوتنی زیاترن، بەشێکیان چونکە بەخت یاوەریانە، یان ژینگەی چواردەوریان یارمەتیدەرە بە ئامانجی خۆیان دەگەن، بەشێکیشیان هەرچەند لە جەنگی بەردەوامدان بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆسپ و سەختییەکانی ژیان، کەچی ناتوانن خەونەکانیان بەدی بهێنن. بۆیە زۆر پێویستە بەگشتی بارودۆخێکی باشتر بۆ گەنجان فەراهەم بکرێت و پێویستە گەنجان هەلی کاریان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی دیار و ئاسۆیەکی رووناکیان هەبێت، نەك بە تێپەڕینی ساڵێکی دی لە تەمەنیان کۆڵێك خەم و کێشە و نائومێدی هاوسەفەریان بێت.»

هاشم عەلۆ هەرکی بەرپرسی سەخبیری کارەبای گردەسێن، سەبارەت بە داخوازیی گەنجان دەڵێت: «من داخوازیی گەنجان دابەش دەکەم بەسەر دوو جۆردا، جۆرە گەنجێك هەیە کە دەرچووی زانکۆیە و چاوی لە حکومەتە بۆ دامەزراندنی و دەیەوێت لەو رێگایەوە سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت، جۆری دووەمیش بێ بڕوانامەن و ئەوانیش چاویان لە حکومەتە کە پێشینەیان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی ببن بەخاوەنی کاری خۆیان و تێکەڵ بە بازاڕ کار ببن.» گوتیشی: «پێویستە حکومەت لە ساڵ نوێدا زیاتر گرنگی بە گەنجان بدات و هەلی کاریان بۆبڕەخسێنێت، چونکە هەر ئەو گەنجانەن کە دەبنە هۆی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی وڵات، بە هیوای دواڕۆژێکی گەش بو گەنجان و بۆ وڵاتەکەمان.»

کارزان یاسین پێشمەرگەیە و سەبارەت بە تەوەری ئەم راپۆرتە دەڵێت: «هیوادارم ساڵی نوێ ببێتە ساڵی خۆشی بۆ هەموو لایەك،لەسەرووی هەموویانەوە چینی گەنج و لاوان، ئەوەی من لە ناو گەنجانم هیوایەکی ئێجگار زۆریان بە ساڵی تازە هەیە، حکومەتی هەرێم هیوایەکی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بۆ گەنجان گەراندۆتەوە، بۆیە رووکردن لە دەرەوەی کوردستان زۆر کەمی کردووە،لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێویستە بارودۆخێکی باشتر بۆ گەنجان فەراهەم بکرێت، بەتایبەتی لە بواری دابینکردنی کار، بۆ ئەوەی بتوانن خزمەت بە خۆیان و بە کۆمەڵگەش بکەن.»

**حکومەتی هەرێم هیوایەکی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بۆ گەنجان گەڕاندۆتەوە، بۆیە رووکردن لە دەرەوەی کوردستان زۆر کەمی کردووە**

**پێویستە هەموو کات و ساتێک پاڵپشتیی بیری نوێی گەنجان بکرێت و هیوا و ئاواتەکانیان بە هەند وەربگیرێن**

**هیواداریشم کوردستان لە ساڵی نوێدازیاتر بەرەو سەقامگیریی سیاسی و ئابووری بچێت و حکومەت کاری بەرفراوانتر بۆ بەدیهێنانی ئومێد و خولیای گەنجان و نەوەی داهاتووی کوردستان بکات**

**گەنجان هەم بەردی بناغەی کۆمەڵگەن، هەم هێزی کارامەیداهاتووی وڵاتن،کارەساتیش ئەو کاتەیە کە گەنج خەون و هیوای بۆ داهاتووی خۆی و وڵاتەکەی نەبێت**

# کەرکووکییەکان بە تایبەتمەندیی خۆیانەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن

**بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانینە هەنگاوەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە ساڵی نوێدا**

**بە گەڕانەوەی پارتی بۆ ناوچەداگیرکراوەکان، ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و سیمای کوردستانیبوون دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم**

رزگار سەعدوڵا کارگێڕی لیژنەی ناوچەی زانکۆ - کەرکووك، هێما بۆ ئەوە دەکات: «لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر خێزانێکی زۆری شاری کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی شاری هەولێر بوون، کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە ئاوارەکان زێد و شاری خۆیان بەجێ هێشتووە، بەڵام لە یەکەم رۆژی بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵی خۆیانەوە بە چاوی ئومێدەوە لە داهاتوو دەڕوانن و بۆ گەڕانەوەیان رۆژەکان دەژمێرن، بەڵام بەداخەوە بە هۆی دەیان پیلانگێڕی لە دژی دۆزی کورد، ئاوارەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی حوکمی سەربازی و دۆخی داگیرکاریی ناوچە کوردستانییەکان کە دەرئەنجامی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرە، دانیشتووانی ئەو ناوچەیانەش نەیانتوانیوە لە ژیانێکی ئازادانە بەسەربەرن، لە بەر ئەوەی نائارامی و فەراغی ئەمنی بەتایبەتی شاری کەرکووکی تەنیوە.» گوتیشی: «سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکان، بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانینە هەنگاوەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان لە ساڵی نوێدا، هەروەها کەرکووکییەکان و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە لە ساڵی نوێدا، بە ئومێدەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانن بۆ ناوچەکەیان دەکەن، چونکە بە گەڕانەوەی پارتی بۆ ناوچەداگیرکراوەکان، ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و سیمای کوردستانیبوون دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.»

پەیمان تەها ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو ساڵ بە سەر رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، کە بووە هۆیی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هاونیشتمانیانی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان. بەداخەوە ئەو رووداوانە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی نەرێنی لە بوارەکانی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست ببێت، بەعەرەبکردن و هاوردەکردنی شیعە بۆ کەرکووك و دەوروبەری، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش لە ئێستادا دۆخێکی ناهەمواری لە سنووری پارێزگای کەرکووك و تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان دروست کردووە، هەموو ئەم هۆکارانەش وایان کرد کە بەشێکی زۆر لە هاووڵاتیانی ئەو سنوورە رەتیان کردەوە کە ژیان لە ژێر دەسەڵاتێکی داگیرکەردا بەسەر بەرن، بۆیە ژیانی ئاوارەییان هەلبژارد. بێگومان هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە شارەکە روویداوە، نارەوا و دوژمنکارانە بووە، بۆیە داخوازیی گەورەی ئاوارەکانی کەرکووك و ناوچەداگیرکراوەکان نەهێشتنی دەسەڵاتی عەسکەرتاریەت و راگرتنی شاڵاوی بەعەرب



**ئەگەرچی دۆخی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هێشتا نائاسایی و نایاساییە و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە تا ئێستاش ئاوارەن و نەیانتوانیوە بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە، بەڵام بە چاوی ئومێدەوە لە داهاتوو دەڕوانن و هیوادارن سەری ساڵی زایینی ببێتە هەوێنی بە ئەنجام گەیشتنی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا و لە سێبەری هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئاوارەکانی دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە ماڵ و حاڵی خۆیان شاد ببنەوە و ڕەوشی ئاڵۆزی ئەو ناوچەیانە ئاسایی ببێتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

و بەشیعەکردن و گەڕانەوەی شکۆیە بۆ تاکی کورد..» گوتیشی: «ئاساییکردنەوی دۆخی کەرکووك و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و چارەسەری کۆی کێشە هەڵواسراوەکان و گەڕانەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی مەلەفی ئەمنی لە شاری کەرکووك خواستی سەرەکی خەڵکە و جیا لەمانەش قەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە بە هۆی داگیرکاری زەرەرمەند بوون، زۆریش پێویستە ئاڵای کوردستان ببێتە مەرجی پێشوەخت لە تەواوی دانوستانەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند.»

ڕۆژنامەنووس مەریوان حەکیم جەباری، وەك ئاوارەیەکی شاری کەرکووك، لەو بارەیەوە دەڵێت: «هیوادارم لە ساڵی نوێ، تەنیا ژمارەکان نەگۆڕێن، بەڵکو ژیانمان بگۆڕێ و بەدیهێنانی خەونی گەورەمان بێت، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ کەرکووکی هەمیشە کوردستانی.» گوتیشی: «ئەم سەری ساڵە (٢٠٢٠) دەکاتە سێ سەری ساڵ کە ئێمەی ئاوارەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە چاوەڕوانی گەڕانەوە و شادبوونەوەین بە خاکی پیرۆزی کەرکووك و هیوای زۆرمان هەبوو ئەمساڵ لەنێو ماڵ و شاری خۆمان ئەو یادە پیرۆز بکەین، بەڵام نەکرا و تا ئێستا ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ئێمەی کەرکووکی نییە، ئایا کەی و چۆن دەگەڕێینەوە. بەڵام هیوادارم ساڵی نوێ ببێتە هۆی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ کەرکووك و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری.»

ئەو ڕۆژنامەنووسە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «سیاسەتی ئێستای ئیدارەی کەرکووك و ناوچە داگیرکراوەکان تەنیا کەمکردنەوەی نفووسی کوردە و هەر بەو هۆیەشەوە کوردانی ئەو ناوچانە تووشی ئازار ومەینەتی زۆر بوونەتەوە، بەتایبەتی گوندنیشینەکان لەژێر حوکمی عەسکەریدا هەوڵدەدرێت لە زێدی باب وباپیرانیان هەڵکەندرێن و دووربخرێنەوە و لە جێگەی ئەوان عەرەبی هاوردە نیشتەجێ بکرێت.» گوتیشی: «هیواخوازم ساڵی نوێ، ساڵی بەدیهێنانی خەونەکانی من و هەزاران کوردپەروەری کەرکووك بێت، ئەویش گەڕاندنەوەی شکۆیە بۆ کەرکووك و بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستانە لە ناوچەکە، ئێمە لەم سەری ساڵەدا هیوای ژیانی باش و ماڵ و موڵك و سەفەری وڵاتان ناخوازین، هیوامان هیوای شەهیدانە و هیوامان گەڕانەوەی کەرکووکە بۆ باوشی هەرێمی کوردستان، هیوامان ڕزگارکردنی ئازادیی ئەو زیندانییانەیە کە لەپێناو کەرکووکدا تا ئێستاش لە سەر دیواری زیندانەکانی ئەو شارە یادگارییەکانیان دەنووسنەوە، هیوامان هیوای دایکی ئەنفالکراوێکی خورماتووە، کە دوای چەندین ساڵ لە نەهامەتی ئێستا لە ئاوارەییدا دەژی و ماڵەکەی ڕووخێندراوە و تەنیا هیوای گەڕانەوەیە بۆ زێدی خۆی».

**داخوازیی گەورەی ئاوارەکانی کەرکووک و ناوچەداگیرکراوەکان نەهێشتنی دەسەڵاتی عەسکەرتاریەت و ڕاگرتنی شاڵاوی بەعەرب و بەشیعەکردن و گەڕانەوەی شکۆیە بۆ تاکی کورد**

